# دەوری ژنان لە ڕێبەرایەتیی حیزبە کوردییەکاندا

## بەشی دووهەم و کۆتایی

یەک لەو خاڵانەی لە دەستەبەربوونی ماف و ئازادییەکانی ژنان و هاتنەدیی کۆمەڵگایەکی پابەندی یەکسانیی ڕەگەزی دەورێکی بەرچاوی هەیە ، بەشداریی خۆدی ژنانە لە گۆڕەپانە سیاسییەکاندا."بۆ کوردستان" سەبارەت بە رادە و شێوازی دەوری ژنان لە سەر ژیان و بڕیاراتی حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەتایبەتی لە ئاستی ڕێبەرایەتیی حیزبەکاندا، وتوێژی لەگەڵ دەستەیەک لە چالاکانی بوارەکانی سیاسەت و ماف و ئازادیی ژناندا پێکهێنا.


هامنۆ نەقشبەندی

هەروەها، خاتوو فەریبا، سەبارەت بە پێوەندیی خزمایەتیی ژنان و ڕێبەرانی سیاسیی وتی:" چۆن لە پشت هەر پیاوێکی سەرکەوتووەوە دەڵێن ژنێکی سەرکەوتوو هەیە، من پێم وایە بەهەمان شێواز، لە پشتەوەی هەر ژنێکی سەرکەوتوویش پیاوێک بوونی هەیە. بۆیە ئەو ژنانەی لە ئاستی بەرزی حیزبیدان و بە چەشنگەلێک لەگەڵ ڕێبەرانی سیاسی پێوەندییان هەیە، وەکوو: هاوسەر، خۆشک یا خزم، ناکرێ بڵێی ئەمانە تەنیا لەبەر ئەو رازاندنەوەیەیە." ناوبراو، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە زۆر ژنی لێهاتوومان لە کوردستاندا هەیە کە دەتوانن لە ئاستی ڕێبەرایەتیی حیزبەکاندا دەوریان هەبێ.

هاتە ئاخاوتن. ناوبراو لەو بوارەوە وتی:"سەرکەوتن و پێشکەوتن لە بەشداری تێکڕای چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگاوەیە. ئەگەر ژنان زیاتر لە دەسەڵاتدا بەشدار بن و بۆخۆیان هەڵسوڕانی خۆیان زیاتر کەن، بێ شك مافەکانیان زووتر دێتە دی، چۆنکە ژنان زیاتر لە


کوێستان فتووحی

بەڵام ڕێژەیان هێندە کەم بووە لە نێو سیستەمی زاڵی پیاوسالاریدا کە دەنگیان نەبیسراوە و هەر لە پەراوێزدا ماونەتەوە. مادام ژنان هەر لە پەراوێز خرابن و بواریان بۆ نەڕەخسابێ تا خۆیان ببیننەوەو هەست بە بوون بکەن، چۆن دەتوانن کاریگەرییان هەبێ لە بریارو ژیانی حیزبایەتیدا!؟ بە کورتی بۆشایی ژن و نایەکسانی لە نێوان دەنگی ژنان و پیاوان لە ژیانی سیاسیی حیزبەکاندا یەکجار زۆرە، بۆیە کاریگەرییەکە لە رادەی پێویستدا نابینم."

ناوبراو هیوای خواست، لەم سەردەمەدا:" ڕیفۆرم لەو حیزبانەدا پێك بێ و ئەو سیستەمە نایەکسانە بۆ هەمیشە تێك بدرێ."

فەریبا محەممەدیش رای خۆی دەربڕی و رایگەیاند:" بەو رادەیە کە ژنان لە ناوەندی دەسەڵاتدا بەشدارن، لە سەر بڕیارەکانیشدا کاریگەرییان هەیە و بە پێی پێویست ناتوانن کاریگەر بن. لە بەر ئەوەی هەمیشە یاساکان و بەرنامەکان لە حیزبەکاندا بەرنامەیەکە کە پیاوان نووسیویانە. هەمیشە وا بووە کە چ لە ناوەندی دەسەڵات و چ لە ئاستەکانی دیکەی حیزبەکاندا، کاریگەریی پیاوان زیاتر بووە."

ناوبراو، وای بۆ دەچوو کە لە خەباتی نەتەوایەتی و سەردەمی کۆماری کوردستانیشدا ژنان سەرەڕای ئامادەبوونیان لە مەیدانە سیاسییەکاندا، قەد وەکوو پیاوان لەسەر بڕیارە سیاسییەکان کاریگەر نەبوونە و هۆکارەکانی بۆ "فەرهەنگی پیاوسالاری" و ئاستی توانایی ژنان گەڕاندەوە و وتی:"ژنان بە پێی توانانی خۆیان هاتوونەتە ئەو ئاستە، بۆیە ناتوانن کاریگەریش بن لە سەر بڕیارەکان."

لە درێژەدا، هامنۆ نەقشبەندی، کۆمەڵگای بە هۆکار و تاوانباری دروستبوونی ئەو دیاردەیە زانی و وتی:" ژیان و دەوری ژنان لە حیزبە سیاسییەکاندا ڕەنگدانەوەیەکە لە دەوری ژن لە کۆمەڵگادا. لە کۆمەڵگای ئێمەدا هێشتا ژن ماف و ئەرکی یەکسانی لەگەڵ پیاودا نییە. بۆیە بەشداریی ژن لە پرۆسەی سیاسییدا، بەشدارییەکی لاوازە و لە ئاستی دڵخوازدا نییە و پێویستە بەهێزتر بکرێ."

ناهید حسەینی، باسی لە (شۆڕشی فێمێنیزم) کرد و بەشداربوون، بەڵام ناکاریگەربوونی ژنانی لە سەر کێشە سیاسییەکان، بە تیشە لە ریشە دانی بزووتنەوەی ژنان

پێشکەوتووە ، ئەوە تیشە لە ریشەی بزووتنەوەی ژنان و حەرەکەتی سیاسی ژنان ئەدات. من لەگەڵ ئەوەدا زۆر زۆر موخالیفم! من ئەو ئازادییەم ناوێ خۆم خەباتم بۆ نەکردبێ. یانی نامەوێ پیاوێک ئازادیم بۆ دابین بکات. حەز ئەکەم خۆم شان بە شانی پیاوێک بەرەو ئازادی بڕۆم.


هێرۆ جەڵدیانی

حەز ئەکەم خەبات بکەم بۆ ئەو ئازادییە و خۆم جێ پەنجەم دیار بێ. من پێمخۆش نییە جیای بکەمەوە و بڵێم ئازادی ژن - ئازادی پیاو. لە سەدەیەکدا کە باس باسی مرۆڤایەتییە، باس لە جیاکردنەوەی جیلەکان و جنسەیەت، هەڵەیەکی زۆر زۆر گەورەیە. هەموو بنەماکانی بزووتنەوەی ژنانیش لە سەر ئەوە دامەزراوە کە ژن بگاتە ئاستێک وەکوو مرۆڤێک ببینرێت؛ نەک وەکوو جنسێکی دووهەم."

لە بەشی کۆتایی دیمانەکەماندا، خاتوو زێنەب حسەینی، بەرپرسی کۆمیتەی ژنانی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، لاوازیی بەشداریی ژنان لە رووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە لە ژیانی سیاسیی حیزبایەتیدا گەڕاندەوە بۆ " کەلەپوور و فەرهەنگی کۆمەڵگا" و ئاستی باوەڕی حیزبەکان بە یەکسانیی ژن و پیاو و وتی:" بە تێپەڕینی زەمان و گۆڕانە یەك لە دوای یەکەکان ئەو زەروورەتە هاتە ئاراوە کە دەبێت ژنانیش هاوشانی پیاوان لە کاری سیاسەت و بەرێوەبەریدا بەشدار بن. ئەگەر ئاوڕێك لە مێژوو بدەینەوە بۆمان دەردەکەوێ کە ژنان نەخشی کارایان هەبوە لە دەسەڵاتدا. بە هەوڵی بێ وچانیان و لێ بڕوایان بۆ خزمەت بە...

بۆ لاپەڕەی 7

باس لە سەر میکانیزمی هەڵبژاردنی ژنان و دانانیان لە ئاستی ڕێبەرایەتی حیزبەکاندا بەشێکی دیکەی چاوپێکەوتنەکەمانی پێکهینا.

لەپێشدا، بەرپرسی کۆمیتەی ئافرەتانی سازمانی خەبات قسەی کرد و سانتریالیزمی دیموکراتیکی بە سیستەمی هەڵبژاردن لە ڕێکخراوەکەیان ناوبرد و وتی:"لە سازمانی خەبات دا بڕیار و هەڵبژاردن بە شێوەی سانترالیزمی دیموکراتیکە، کۆمیتەی ئافرەتان لە کونفرانسێکدا چەند نوێنەری بۆ کۆنگرە هەڵبژارد و لە کۆنگرەشدا ئافرەتان بە شێوەیەکی بەرچاو بەشدار و خاوەن تێز و بەرنامەی خۆیان بوون. من کە خۆم کاندید کرد بۆ کۆمیتەی ناوەندی و دەنگی زۆرینەم هێنا، ئێستا لە ئاستی ڕێبەری دا سەرقاڵی کار کردنم."

لە درێژەدا، خاتوو زێنەب، گەیشتنی ژنانی بە پۆستی ڕێبەرایەتیی حیزبەکان، پێوەندیدار بە تێکۆشانی خودی ژنان زانی و بوونیان لە ڕێبەرایەتی و پلەی یەکەمی ڕێکخراوەکانیشدا بە زەروورەتێکی مێژوویی دایە قەڵەم.

هەروەها، هێرۆ جەڵدیانی، جەختی لەسەر رۆڵی بەرچاوی ژنان لە "جووڵانەوە و بەرەو پێشبردنی کاروباری حیزبەکاندا" کرد و لە درێژەشدا داوای لە لایەنە حیزبی و حکومەتییەکان و... هتد کرد کە لە ژنان بۆ رازاندنەوەی خۆیان کەڵک

وەرنەگرن و وتی:" هیچ شۆڕش یان حیزب و لایەنێك، ئەگەر ژنی لەگەڵ نەبێ، سەرکەوتوو نابێ! من لێرەدا هەم وەك پێشنیار و هەم وەك ڕەخنەیەك ئاراستەی حیزب و حکومەت و شەریکە و... دەکەم کە لە ژن وەك کەرەسەیەکی ڕازانەوە کەڵك وەرنەگیردرێ و ژنانیش بۆخۆیان لەو بوارەدا هەوڵ بدەن و کەسایەتی خۆیان چۆنە، وا نیشانی بدەن."

هەروەها، کوێستان فتووحی بۆچوونی وابوو کە لە حیزبەکەیدا" ژنان لە پرۆسەیەکی ئاساییدا هەڵبژێردراون."

لە لایەکەی دیکەوە، فەریبا محەممەدی تیشکی خستەسەر ڕەوتی جیهانیی داکۆکی کردن لە ماف و ئازادییەکانی ژنان و بەشداریی ژنان لە کاروباری سیاسی نیزامیی حیزبە کوردییەکاندا و رایگەیاند:' ئێستا، لە دنیادا ڕەوتێک هەیە کە هەموو لایەک ناچار دەکا بەرگری لە یەکسانی و مافەکانی ژنان بکەن؛ ئەم ڕەوتە کوردستانیشی بە هەموو حیزبەکانیەوە( لە لایەنە ئیسلامییەکانەوە بگرە تا دەگاتە حیزبە عیلمانی و چەپەکان) گرتووەتەوە. بۆیە هەموو کەس هەوڵ ئەدا لەو پرۆسەیەدا بە جێ نەمێنێ. بەڕای من، زۆر جار ئەو ژنانە بە هۆی هاوسەرەکانیانەوە، (بە قەولی ئێوە) بۆ رازاندنەوە هێندراون، بەڵام من رایەکی جیاوازیشم سەبارەت بە کۆمەڵە هەیە. لە کۆمەڵەدا وەکوو یەکەم حیزب کە ژنی هێناوەتە ریزەکانی خۆیەوە و ژنان وەکوو پێشمەرگە تێیدا بەشدارییان کردووە، هەست دەکەی بە جۆرێکی دیکەیە. هەرچەند ژنان لە حیزبەکانی دیکەشدا بەشدار بوون، بەڵام کۆمەڵە ئەوەی شکاند و هاتە پێشەوە و ژنانی هێنایە ریزەکانی خۆیەوە و ئەمە دەسپێشخەرییەک بوو بۆ باقی حیزبەکانی تریش. بۆیە من پێم وانییە هەموو ژنێک بگرێتەوە و ئەوانەی کە لە ناوەندی دەسەڵاتن تواناکانیان لەبەرچاو نەگیردرێن."

لە لایەکی دیکەشەوە، هامنۆ نەقشبەندی ڕەتی کردەوە کە ئامادەبوونی ژنان لە ئاستی ڕێبەرایەتیی PAK دا بۆ جوانکاری لە رۆخساری حیزبدا بێ و وتی:"ئێمە بە پێویستی نازانین کاری ڕواڵەتی بکەین، ئەگەر کارەکە هەر ڕواڵەتی بێ، وەکوو ئەوە وایە کە هیچمان نەکردبێ. ئەوانە کەسانێکن لە هەل و دەرفەت کەڵکیان وەرگرتووە و خۆیان گەیاندووەتە ئەو ئاستە. واتە زەحمەتیان کێشاوە و لەو حیزبەدا دەرفەتی باشیان بۆ رەخساوە و توانیویانە خۆیان بگەیەننە ئەو ئاستە."

هەروەها، ناهید حسەینی، بە دووری زانی کە بەو شێوازە ژنان لە ئاستی ڕێبەرایەتی حیزبەکەیاندا جێیان گرتبێ و جەختی لەسەر لێهاتوویی خۆدی ئافرەتان کردەوە و وتی:"نە! بەتەئکید ئەو دووانە، بەتایبەت شکۆفە خان و مریەمی عەلیپوور من لە نزیکەوە نایانناسم بەڵام لە دوورەوە ئاگاداری خەبات و تێکۆشانی مێژینەی ئەوان لە حیزبی دیمۆکراتدا هەم و ئەزانم کە لە حیزبدا چالاکییەکی زۆریان بووە و من بە پێویستم دەزانی لانیکەم یەکێک لەو ژنانە لە کۆمیتەی ناوەندیدا ببوایەن."

لە درێژەی وتووێژەکەماندا، باس هاتە سەر ئاستی کاریگەریی ژنان لەسەر بڕیارات و ژیانی سیاسیی حیزبایەتیدا:

دووبارە لە سەرەتای ئەم تەوەرەشدا خاتوو زێنەب حسەینی

پیاوان هەست بە ئێش و ئازارەکانی ژن دەکەن. وەك ئەوەی بینیومانە لە رۆژنامە و مێدیاکاندا بەشێکی تایبەتیان بۆ خۆیان تەرخان کردووە و زۆر زیاتر لە جاران لە ئامانجەکانمان نزیک بووینەتەوە."

لە درێژەدا، هێرۆ جەڵدیانی دەریخست کە لە ئاستی کۆمەڵگادا باس لەوە دەکرێ کە" با پرس بە ژن بکرێ، بەڵام بە قسەی نەکرێ" ناوبراو، بۆچوونی وابوو کە ئەو مەسەلەیە دەبێتە هۆی ئەوەیکە" ژن باوەڕ بەخۆبوونی کەمبێتەوە."

هەروەها خاتوو هێرۆ رای پێچەوانەی خۆی لەو بوارەوە نەشاردەوە و وتی:" هەر مرۆڤێکی سیاسی بیر لە قسەی هەر کەسێك دەکاتەوە و هەڵیدەسەنگێنێ، کەواتە کاریگەریی لەسەر ژیانی سیاسی هەیە و بە ڕادەیەکی زۆریش دەبێ باوەڕ بەوە بێنین کە ژن دەتوانێ نەخشی بنەڕەتی بگێڕێ. نموونەیەك بێنمەوە، (لەیلا زانا) لە سەردەمی ئێستادا یان سەدان ژنی بەناوبانگی تر."

لە لایەکی دیکەوە، کوێستان فتووحی، ڕەتی کردەوە کە ژنان کاریگەرییەکی ئەوتۆیان لە سەر پرسە سیاسییەکاندا هەبێ و وتی:" ژنان لە زۆربەی حیزبە سیاسییەکانی کوردستاندا، بەداخەوە، نەگەیشتوونەتە پلە و پایەیەك تا بتوانن کاریگەرییان لە ژیانی سیاسیی حیزبایەتیدا هەبێ. هەرچەند زۆر ژنی چالاك و لێهاتوو هەبوون و هەن لە ریزی ئەو حیزبانەدا، بەتایبەتی ئەگەر باسی حیزبی دیموکراتت بۆ بکەم،


زێنەب حسەینی


فەریبا محەممەدی

لەقەڵەم دا و وتی:" جیاکردنەوەی ژنان لە بڕیاردا یەکێک لەو شتانەیە کە لە شۆڕشی فێمێنیزمیەوە سەریهەڵداوە. بۆ ژنان کاریگەریان لە سەر بڕیاراتی ناو حیزبەکاندا لاوازە؟ بە ڕای من هۆکارە سەرەکییەکەی ئەوەیە کە ژنان لە ئاستی فکری سیاسیدا نەیانتوانیوە خۆیان بگەیەننە ئەو ئاستەی کە بڕیار دەربڕبن. من وای دەبینم کە ڕازاندنەوەی حیزب بە ژنان، بۆ ئەوەی بڵێی حیزەبەکەی من


ناهید حسەینی